چیرۆکی وەرگێڕدراو

خۆسێ گۆماریس رۆزا

# کەناری تەنیایی

**و: سابیر شاکر مەلوول**

باوکم پیاوێکی مشورخۆر بوو، ئاکار دروست و سەرڕاست بەبۆچوونی چەند کەس لەوانەش کە پرسیارم لێ کردن و پیاوی سەرساغ و ئەمین بوون، باوکم هەر لە هەرەتی هەرزەکارییەوە بگرە هەر لە منداڵییەوە ئەم خەسڵەتانەی هەبووە.

بەبیرەوەریی خۆشم نە شادتر و نە ماتتر و نە رووترشتر بوو لەو پیاوانەی کە دەمناسین، رەنگە هێمنتر بووبێ لەوان ئەوەی لە ماڵێ حوکمی دەکرد و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکا دایکم بوو نەک باوکم، ئەو بوو هەموو رۆژێکی خوا سەرزەنشتی دەکردین، سەرزەنشتی خوشکەکەم و براکەم و من. بەڵام ئەوەی روویدا ئەوەبوو رۆژێک باوکم رایسپارد بەلەمێکی بۆ دروست بکرێت! بەڕاستیشی بوو. سوور و مکوڕ بوو لەسەر داواکەی، دەیویست بەتایبەتی لە تەختەی ئەکاسیا ساز بکرێ و دەبێ ساغ و پتەو، سفت و روختە بێ تاوەکو بیست یان سی ساڵ بمێنێ و دەبێ تەنیا کەسێکیش بگرێ دایکم گرینگییەکی زۆری دا بەمەسەلەکە: چییە پیاوەکەی دەیەوێت لە پڕێکدا ببێت بەڕاوچی و تۆڕەوان؟ یان ماسیگر؟ باوکم هیچی نەگوت. ماڵەکەمان کەمتر لە میلێک لە رووبارەکەوە دوور بوو رووبارەکە لەو دەڤەرەدا قووڵ و مەنگ بوو تا بڵێی بەرین بەجۆرێ چاو هەتەری

نەدەکرد هیچی لەسەر ببینێ.

هەرگیز ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێتەوە کە باوکم بەلەمە سەوڵدارەکەی وەرگرت نە شادیی نواند نە هیچ سۆز و هەستێکی تری دەربڕی هەر ئەوەندەی کرد وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی کڵاوەکەی لە سەرنا و ماڵئاوایی لێ کردین نە نان و پێخۆرێکی لەگەڵ خۆی برد نە هیچ بوخچە و پریاسکەیەک.

وامان دانابوو دایکم بەڕوویدا هەڵدەشاخێ یان هەرچی قسەی سارد و سووکە بەڕوویدا دەدا بەڵام نا شتی وا رووی نەدا، رەنگی دایکم هەڵبرووسکا و روخساری بوو بەلیمۆی زەرد و لێوی خۆی دەگەست تەنیا ئەوەندەی گوت: ئەگەر دەڕۆی دوور برۆ و هەرگیز نەگەڕێیتەوە. باوکم وەڵامی نەدایەوە بەسۆزێکەوە لە منی روانی و بەئاماژە پێی گوتم لەگەڵیدا سەر رێ کەوم. ترسام دایکم تووڕە بێ وێڕای ئەوەش بەشەوقەوە بەگوێی باوکم کرد و هەردووکمان بەرەو رووبارەکە ڕۆیشتین. بەپەرۆشەوە گوتم: باوکە گیان بە بەلەمەکە لەگەڵ خۆتم نابەی؟ تەنیا تەماشایەکی کرد و بەرەکەتی خۆی پێ بەخشیم و بەئاماژەیەک داوای لێ کردم بگەڕێمەوە وا خۆم دەرخست دەگەڕێمەوە و هەر کە باوکم پشتی تێ کردم خۆم لە چەند نەمامێکەوە شاردەوە و هەموو هەڵسوکەوتێکیم خستە ژێر چاودێرییەوە. باوکم سواری بەلەمەکە بوو کەوتە سەوڵلێدان و لە کەنار و لێوارەکە دوورکەوتەوە بەلەمەکە وەک تمساحێکی درێژ و ئارام، نەرم نەرم بەسەر ئاوەکەدا خلیسکا چی تر باوکم نەگەڕایەوە، ئەوەی راستی بێ بۆ هیچ شوێنێکی دیکەش نەڕۆیشت تەنیا بەناوڕاست و لێوارەکانی رووبارەکەدا چەرخەی لێ دەدا. هەموو سەراسیمە بووبوون، ئەوەی هەرگیز رووی نەدابوو ئەوەی ئەستەمە روو بدا وا ئێستا رووی دابوو، کاری نەکردەنی بوو. خزم و خوێش، دەرودراوسێیەکان، دۆست و ئاشنایان هاتن و بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە کۆبوونەوە. دایکم لە شەرمان داڕزابوو، یەک دوو قسەیەکی کرد و ئیتر مات بوو و خامۆشی هەڵبژارد. لە ئاکامی ئەم بێدەنگییەکی دایمکدا هەموو کەسێک پێی وابوو– گەرچی ئەوەی بەزاردا نەهات– کە باوکم شێت بووە و عەقڵی لە دەست داوە. هەرچۆنێک بێ تاکوتەری لەوان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە دەشێ باوکم لەگەڵ خوای خۆیدا یان لەگەڵ پیرەکەیدا نەزری کردبێ یان دەشێ تووشی نەخۆشییەکی پیس بۆ نموونە گولی بووبێ و لەبەر ساغی و سەلامەتی بنەماڵەکەی ڕۆیشتبێ و لە هەمان کاتیشدا بەجۆرێک لە جۆرەکان

حەز دەکات لە نزیکیانەوە بێ!

رێبوار و موسافیرەکانی سەر رووبارەکە و کەنارنشینەکان گوتیان باوکم هەرگیز پێ ناخاتە سەر زەوی، تاک و تەنیا، بێ هیوا و ئامانج وەک ئەوەی نەفرەتلێکراوێک بێ هەروا بەسەر رووبارەکەوەیە. دایکم و خزمەکانیشمان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە بەم نزیکانە ئەو خواردنەی لە بەلەمەکەدا شاردوویەتییەوە دوایی دێ و ئەوکات یان رووبارەکە بەجێدێڵێ و سەری خۆی بۆ شوێنێکی دوور هەڵدەگرێ – کە ئەمەیان لانیکەم شەرافەتمەندانەیە – یان پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە ماڵێ. بەڵام خەیاڵیان چەند خاوبوو، ئاخر باوکم سەرچاوەیەکی نهێنی هەبوو بۆ زاد و خۆراک ئەویش من بووم من!... هەموو رۆژێکی خوا خواردنم دەدزی و بۆم دەبرد لە یەکەم شەوی دوای رۆیشتنی باوکمدا هەموومان هاتین لە کەنارەکە ئاگرمان کردەوە و بەهاوارێکی پڕ لە پاڕانەوەی بانگمان کرد پەشێو و پەرێشان، غەمێکی قووڵ لە دڵم نیشت و هەستم دەکرد پێویستە شتێکی بۆ بکەم و لەوانی تر زیاتر بەتەنگییەوە بم بۆ بەیانییەکەی بەخۆم و کولێرەیەکی گەنم و بۆڵە مۆزێک و چەند کلۆ شەکرێکی بۆرەوە بۆ رۆخ و بەستینی رووبارەکە شۆڕبوومەوە، کاتژمێرێکی دوور و درێژ پەرۆش و بێقەرار چاوەڕێم کرد پاشان لە دوورەوە بەلەمەکەم بینی، تەنیا بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات بەسەر ئاوی رووبارە کپ و خامۆشەکەدا دەخزی. باوکم لە بنی بەلەمەکەدا دانیشتبوو، بینیمی بەڵام نە سەوڵی بەرەو لام لێ دا و نە ئاماژەیەکی دامێ. خواردنەکەم نیشان دا و بۆ ئەوەی پارێزراو بێ لە گیانەوەرەکان و لە ئاونگ و باران هەستام هەر لەو دەوروبەرە کەلێنە بەردێکم لەسەر رۆخەکە دۆزییەوە و خستمە ناوی. رۆژ لە دوای رۆژ بێ بڕانەوە ئەم کارەم کرد دواتر بەسەرسڕمانەوە تێ گەیشتم کە دایکم دەیزانی چیم دەکرد و لەبەرئەوەش خۆراکی لە شوێنێک دادەنا کە من بتوانم بەئاسانی بیدزم زانیم خۆشەویستی و سۆزێکی گەورەی هەبووە، بەڵام دەری نەدەخست و پەنهانی دەکرد. پاشان دایکم ناردی بەشوێنی براکەیدا بێت لە مەزرا و کارەکانیدا یارمەتی بدا، لەبەرئەوەی ئێمەش کاتێکی زۆرمان لە کیس چووبوو لە مامۆستاکەی گێڕایەوە بێ و لە ماڵێدا دەرسمان پێ بڵێتەوە هەروەتر لەسەر داوای دایکم رۆژێک باوکی روحانی جلکی کەهنوتی خۆی پۆشی و بەرۆخ و کەنارەکەدا داگەڕا و هەوڵی دا ئەو روحە شەڕەنگێزانە دەرکات کە چووبوونە گیانی باوکمەوە، کۆشا ئەو دوعایانە بەتاڵ بکاتەوە کە لە باوکم گیرا

بووبوون هاواری دەكـرد: ئەركی ســەر شـانـی باوكـمـە كـە دەست لـە سـەرسـەخـتـیـیـە نامـوبارەكەكـەی هەڵبگرێت. ڕۆژێكی دیكەش دایكم لەگەڵ دوو سـەربازدا ڕێككەوت بێن و یەک دوو و فیشـەک بەسـەریدا هەڵتۆقێنن و بیترسێنن بەڵام ئەمـانە هەمـوو بێـهوودە بوون ئاخر باوكم لە دوورەوە رادەبرد هەندێک جاریش دوورتر لەوە كە كەسێک بەزەحمەت نەبێت بتوانێت بیبینێت. هەرگیز نە وەڵامی كەسی دەدایەوە و نەكەسیش گەیشتە لای و لێی نزیک بووەوە. وەختێكیش كە ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس بەكەشتییەكی هەڵماژۆ هاتن تاوەكو چەند وێنەیەكی بگرن بـەلەمـەكـەی بۆ لاكـەی دیكەی ڕووبارەكـە ئـاژووت و خـۆی كـرد بـەناو ئەو زەلكاوانەدا كە وەک ناولەپی خۆی دەیناسین و هەر زوو خەڵكییان تێدا ون دەبوو لەوێدا لەو وێڵگە تایبـەتییـەدا كـە چەندین میل دەكشا و لقوپۆكان لێک ئاڵابوون و قارام و زەل و ژاژ چواردەوریان تەنیبوو لـە ئەمان دابوو، دەبایە بەو بیرۆكەیە ڕابێین كە بـاوكم لەسەر تەختی سینەی ڕووبارەكەیە دەبایە ڕابێین بەڵام نەمانتوانی... هەرگیز نەمانتوانی پێم وایە من تاكە كـەسێک بووم كـە تا ڕادەیەک تێ گـەیشتم باوكم چیی دەویست و چیی نەدەویست وەلێ ئەو شــتــەی كــە نەمــتــوانی لێی تێ بگەم ئەوەبوو چۆن بـەشــەو و ڕۆژ، بـەخـۆر و بـاران، لە گڕەوگەرمای تاقەتپڕۆكێنی قرچەی هاویندا، لە شەپۆلی سەرمای سەختی چلەی زستاندا لەگـەڵ ڕەشـەبا و زریان تـۆف و بۆران، وەیشـوومـە و تۆفـاندا بەرگەی نـاخۆشی و زەقـەتی دەگرت ئەویش بەكڵاوێک لەسـەردا و بەجلێكی شڕ و پەتورەوە. هەفتە دوای هەفتە و مـانگ دوای مـانگ و سـاڵ دوای سـاڵ گوێی نەدەدا بەو بۆشـایـی و سـەرگـەردانییـەی كـە ژیانیـان وێران دەكرد، هـەرگیز پێـی نەدەخستە سەر زەوییەک یان گژ و گیایەک یان جەزیرەیەک یان وشكاییـیەكی بەستێن و ڕۆخەكە. گومـانی تێدا نییە هەندێک جار بـەلەمەكەی لە شـوێنێكی پەنهـان ڕەنگە لەلای زمـانەی دورگـەیەک دەبەسـتەوە تـا سـەرخـەوێک بشكێنێ. هەرگـیـز ئاگـرێكی هەڵ نـەكـرد تەنانەت تەڵەشـخـاتەیـەكی دانەگیـرسـاند لایـتـێكیـشی پـێ نەبوو، كەمێكیشی لەو خۆراكە هەڵدەگرت كە لە كونە بەردەكەدا بۆم دادەنا پێمـوایە ئەو نەختـە زادە "قـوتێک بوو لا یموت" بـەشی ژیانێكی مـەمـرە و مـەژیشی نەدەكـرد. ئەی تەندروسـتی چۆن بووە؟

ئەی تاقـەت چی؟ لە كاتێكدا دەبـوو بەردەوام بۆ بەرزەفتكردنی بەلەمـەكە سـەوڵ لێ بدا. ئەی چۆن گیـانی خـۆی لـە لافـاوە سـاڵانەكاندا دەرباز دەكرد و بەزیندوویـەتی مـایەوە كـاتێ

هەمـوو جـارێک رووبارەکـە هەڵدەسـتـا و هەمـوو جـۆرە شـتـێکی ترسناکی وەک قـەدی درەخـتـەکـان و لاشـەی گیـانەوەرە تۆپیـو و مـرداربووەکـانی رادەدا کە دەشێ بـەر لۆتکە و بەلەمە چکۆلەکەی ئەو کەوتبن؟ چۆن نەمرد و ما؟ خودایە چۆن؟

باوکم هەرگیـز لەگەڵ هیچ زیندوویەکدا قـسـەی نەکرد، ئێمـەش هەرگیـز باسی ئەومـان نەدەکرد، تەنیـا بیرمـان لێ دەکردەوە قەت قـەت نـەمـانتـوانی لە ئاگرەکـە دووری بخـەینەوە ئەگـەر بۆمـان دەرکەوتبـایـە کە بۆ مـاوەیەکی کـەمـیش دەتوانین شـتی وا بکەین ئەوە وەک سـەرخەوێک خۆی دەنواند کە لە پڕ مچورکێک بەلەشماندا دەهات چونکە هەمیشە هەست و هۆشمان لای دۆخی فەلاکەتبار و سامناکی باوکم بوو.

خوشکەکەم بەختی هەسـتا و شـووی کرد بەڵام دایکم نـەیویست شـایی و زەمـاوەندی بۆ بکرێت ئەوەش جێگەی داخ بوو چونکە هەموو جارێک کە خواردنێکی خۆشمان بخواردایە بیرمـان لای ئـەو بوو هـەروەتر؟ هـەر شـەوێک دنیـا سـارد و تۆفـان و زریان بایە ئێـمـە لە ناو نوێنی گەرمدا بیرمـان لەوە دەکردەوە، بیرمان دەکردەوە ئێستـا برۆ بێ پەنا و پەسیو تاک و تەنیـا هەوڵ دەدات بەدەسـتی پـەتی یان بەپارچە کـولەکـەیەک ئـاو لە بەلەمـەکـەی دەربدا ئەم بیرەش داخی دەنایە جـەرگمـانەوە و دڵی پڕ دەکردین لە غـەم و کەسـەر. جاروبار کـەسـێک دەیگوت وردە وردە خـەریکە شـێوەی باوکم دەدەمـەوە و کوتومت لەو دەچم بـەڵام ئەو کـاتانە دەمزانی ئـێستـا دەبێ قژی سـەر و مووی ریشـی ئاڵۆز و پەرێشـان بووبێ دەمزانـی کە دەبێ نینۆکەکانی درێژ بووبن.

لاواز و باریک و بنێس، نەخـۆش و دەردەدار وێنام دەکـرد، وام خـەیـاڵ دەکـرد ناسـاغ و لاتەزارە، مـوو نەشـتـەر و تاوەسـوت و خـۆرانگاز دەهاتە بەرچاوم، تـەقریبـەن رووتوقـووت ئەو بزگورِ سـیـپـالانەی کە من جـار جـار بۆم دەبرد چی پێ دەکرد؟ هیچ پێ نەدەچوو هـەرگیـز دەربەستی ئێمە بێ، بەڵام من لە ئاسـتیدا هـەستم بەسۆز و رێزێکی بـێ پایان دەکرد و هـەر کاتێ لەسـەر ئیشێکی باش ستایشیان کردبام دەمگوت ئەوە نەریتی باوکمە ئەو فێری کردم بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەم، وا شنەبایە درۆیەک بوو سپی.

ئاخـر وەک گوتم باوکم گوێی بەئێمـە نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەی بـۆچی لەوێدا مـایەوە؟ لەسـەر چۆمەکە و نەڕۆیشت بۆ رێژگەی رووبارەکە یان سـەرچاوەکەی؟

تا ئەوەنـدە دوور بێ کە نـە ئێمـە بتـوانین ئەو ببیـنین، نە ئەویش توانـای بینینی ئێمـەی

هـەبێ، ئـەوە لـەم بـارەوە هـەر خـــۆی ئـەوەی دەزانـی بۆ نـەدەڕۆیشت و دوور نـەدەکـــەوتـەوە! نۆبەرەی خۆشکەکەم نێرینەیەک بوو، کوڕێکی خشپیلانە خەپەتۆڵە. تاتکم سوور بوو لەسەر ئەوەی کــە باوکم هـەر دەبێ نەوەکـەی خـۆی ببـینـێ لەبەرئـەوە لە ڕۆژێکی خـۆشـــدا هەر هەموومان شۆڕبووینەوە چووین بۆ قەراخی رووبارەکە.

خـۆشکەکـەم کراسـی سپی بـوکێنییـەکـەی پۆشـیـبـوو و منداڵەکـەی بەرز کـردبووەوە و مـێردەکـەشی چەترێکی لەسـەر سـەری ڕاگرتبوو. بـەدەنگی بەرز بانگی باوکـمـان کـرد و چاوەڕوان بووین، باوکم دەرنەکەوت، خوشکەکەم گریا و هەموومان باوشمان کرد بەیەکدا و تێروپڕ گریان دواتر خـوشکەکەم و مێردەکەی ڕۆیشتن بۆ شـوێنێکی دوور، براکەشم چوو لە شار بژی، دواجار دایکیشم شڕوشیتاڵی خۆی پێچایەوە و گوێزایەوە، پیر بووبوو و ڕۆیشت لەگەڵ کچەکەیدا ژیان بباتەسەر بەڵام من نەچووم و مامەوە، چۆڵم نەکرد، هەرگیز نەمتوانی بیر لە ژنهێنان بکەمـەوە لەگەڵ هەمـوو تـەنگوچەڵەمـەی ژیاندا لەوێ مـامـەوە، وێڕای هـەمـوو کـەند و کۆسـپێک ئاخر ئاخر باوکم کە داماو و خاکەسار، تەنیا و گرفتار لەسەر سینەی ڕووبارەکە هاتوچۆی دەکرد و بەردەوام لە گەردشـدا بوو پـێویستـیـی بەمن هەبوو دەمـزانی ناگوزور و دەسـتـەپاچەیە و ئاتاجی بەمنە گەرچی هەرگـیز هۆکاری ئـەم کـارەی خـۆی پێ نـەگـوتم، قــەت قــەت نەیگوت بۆ وای لە خـۆی کـرد. کـاتێکیش خـەڵکیم دایە بەر ڕێژنەی پرسـیـاران تـەنیـا ئەوەندەیان گـوت کـە بیسـتـوویانە بـاوکم هەمـوو مـەسـەلەکـەی بۆ کـابرای بەلەمسـاز ڕوون کردووەتەوە بەڵام ئەفسووس سـەد ئەفسووس ئەمێستا ئەو پیاوە مردووە و کەسێک نابینی شتێک بزانێ یان شـتێکی بێتەوە یاد. ئیتر قسـەیەکی قۆڕ کەوتبووە سـەر زاران قسـەیەکی هیـچـەکەی بێ مـانـا نەخـاسـمـە کە باران لە یەکـبـینە بەلێزمـە ببـارییایە دەیانگوت بـاوکم وەک نوحی پێغـەمـبـەر دانا بووەوە و پێشـبـینـی تۆفـانێکی تـازەی کـردووە هـەربۆیە ڕای سـپـاردووە بەلەمێکی بۆ سـاز بکرێت من ئەم قسـانەی خـەڵکیم بەشـێـوەیەکی ناڕوون دێتـەوە یاد هـەرچۆنێک بـێ سـەرزەنشتی بـاوکم ناکـەم و هیچ گوناهێکی نادەمـە پاڵ ئـیـتر ئەوەی کردی کـردی و منیش سـەر و ڕیشم سـپی بـووە و جگە لە شتـە غـەمگینـەکـان هیـچی ترم نییە بیڵێم. ئاخر گونـاهی من چی بوو؟ چی خراپەیـەکم لێ وەشایەوە کە باوکم هـەمیشـە دوور بێ و هـەمـیشـەش کسپەی دوورییەکەی لە ناخمـا بێ و داخ بنێ بەجەرگمەوە؟ بەدەستی ئەو پیرییـەوە دەمنالاند کە سـەری لێ دابووم ئەو پیرییەی کە ژیان تێیدا بەرهەڵدا

و سەرگەردانە. جار لە دوای جار نەخۆش دەکەوتم و نیگەران و پەریشان دەبووم، تووشی رۆماتیزمێکی سەخت هاتم و برستی لێ بریم. ئەی ئەو، ئەو بۆ وا دەکا؟ چی سەودایە چی کەڵکەڵە و خولیایەک لە سەریایە؟ رەنگە زۆری چەشتبێ، دەبێ دەرد و مەینەتییەکی زۆری کێشابێ.

زۆر پیر بوو زۆر تا بڵێی کۆنساڵ رۆژێک دێ دوای ئەوەی هێز و گوڕی خۆی لە دەست دەدا و پرزەی لێ دەبڕێ و کەنەفت و زۆرهان دەبێ لەوانەیە بەلەمەکەی وەربگێڕێتەوە یان لەوانەیە لێ بگەڕێ تەوژمی ئاوەکە لەگەڵ رەوتی خۆیدا هەڵی بگرێ و تاوەکو لەگەڵ تاڤگەدا شۆڕبێتەوە و بکەوێتە ژێر تەندوورەی گێژاوەکە و تێدا بچێ. ئەم بیرۆکەیە نیگەرانی دەکردم هەروەتر هەمیشە ئەم دڵی دەگوشیم کە ئەو لە دەرەوەیە و منیش تا هەتایە بێ بەشم لە دڵنیایی، من گوناهێکم هەیە و نازانم چییە، ئازارەکەم؛ ناسۆر و برینێکە لە ناخم هەڵکۆڵدراوە و هەدا نادا و ناسرەوێ.

رەنگە گەر وا نەبووایە و بەجۆرێکی جیاواز بایە بمزانیایە، مەزەندەی هەڵەکەم بکردایە و زارم هەڵێنابا و بمگوتایە. ئایا شێت بووبووم؟ نەخێر لە ماڵی ئێمە بەدرێژایی ساڵەکان هەرگیز ئەم وشەیە بەزاری کەسدا نەهات و هیچ کەسێک بەهیچ یەکێکی نەگوت شێت. چونکە هیچ کەسێک شێت نییە، ئەگەر وەهاش نەبێ دەشێ هەموو کەسێک شێت بێ.

هەموو ئیش و کارم ئەوەبوو بەلۆژەلۆژ بۆ لێواری رووبارەکە دەرۆیشتم و دەستەسڕم بۆ هەڵدەشەقاند چونکە ئەگەری زۆر هەبوو بمبینێ خۆم لە دەست نەدا و چاوەڕوانم کرد دواجار لێرە و لەوێ بیچمێکی نارۆون دەرکەوت، لە کۆتایی پشتەوەی بەلەمەکەدا دانیشتبوو چەند جارێک بانگم کرد، بەتاسەوە ئەوەی لە دڵمدا بوو گوتم، بەرێز و حورمەتێکی زۆرەوە گوتم، سوێندم خوارد و بەدەنگی بەرز و بڵند گوتم «هۆ باوە. باوە گیان، ماوەیەکی دوورودرێژ لە دەرێ مایتەوە، تۆ پیر بووی پیر با بەس بێ بگەڕێرەوە، چیتر نابێ لە دەرێ بی توخوا بگەڕێوە.. باوکە گیان گەر دەتەوێ من لە جیاتی تۆ دەڕۆم، گەر دەتەوێ هەر ئێستا دەڕۆم.

هەر کاتێ دەتەوێ سواری بەلەمەکە دەبم و شوێنت دەگرمەوە، ئەمەم گوت و دڵم بەتووندی لێی دا. گوێی لێم بوو، بیستی و وەستا سەوڵەکەی راوشاند و ئاراستەی بەلەمەکەی بەرەو من گۆڕی، پێشنیارەکەی منی قەبووڵ کردبوو...

له پرێکدا تەزوویەک بەلەشمدا هات ئاخر دوای ساڵانێکی زۆر زۆر ساڵانێکی دوور و درێژ بۆ یەکەم جار دەستی بەرز کردەوە و رایوەشاند نەمتوانی... لە کاتێکدا مووم راست بووبوونەوە و بووبوونە نەشتەر بەترسەوە رام کرد. شێتانە هەڵاتم چونکە پێ دەچوو لە دنیایەکی ترەوە هاتبێ. هەڵهاتم و داوای لێبووردنم دەکرد داوای لێبووردن... لێبووردن. لە رزێک چووە ناو سەرتاپای لەشمەوە و نەخۆش کەوتم. دوای ئەوە چیتر هەرگیز نە کەس باوکمی بینی و نە کەس هیچی دەربارەی بیست ئایا دوای شکستێکی ئاوا چیتر من پیاوم، منێک کە هەرگیز ناکرێ ببمە هیچ و بوون و نەبوونم وەک یەکە،

منێک کە دەبێ بێدەنگیی لێ بکەم و خامۆش بم.

دەزانم تازە کار لە کار ترازاوە و دەبێ سارانشین بم دەبێ تا لە ژیاندا ماوم لە بیابانەکان و ئەو دەشتانەدا بمێنمەوە کە خاڵین لە هەر ئاماژە و نیشانەیەک و نەوێرم بگەڕێمەوە رۆخ و قەراخی چۆمەکە. بەڵام کاتێک مەرگ دێ و ئێخەم دەگرێ و دەمرم دەمەوێ هەڵمبگرن و لەو ئاوە سەرمەدییەی نێوان هەردوو رۆخە درێژەکەدا بمخەنە ناو بەلەمێکی چکۆلە و لەوێدا لە ناو رووبارەکەدا،

لە رووبارەکەدا ون بم... لە ناو رووبارەکەدا... رووبارەکەدا

١٩٦٢

**سەرچاوە:**

تواريخ أولية، غويماريس روزا، ترجمة محمد أبو العطا، دار شرقيات.

**فەرهەنگۆک**

لۆتکە: بەلەم.

هەڵماژۆ- هەڵمەڕۆ.

بەستێن: کەنار، رۆخ، قەراخی چۆم و رووبار.

تاتک- خوشک.

خۆرانگار: تاوەسووت: بەخۆر سووتاو.

بزگوڕ: پینە و پەڕۆ- شڕە و پڕکە.

مکوڕ: سوور بوو لەسەر.